# " حەوت وەڵام بۆ ( پەشێو )
# و
# چەند شیعرێکی قەدەغە."

نووسینی :هیوای مەلا ئادەم.

2013

باشوری کوردستان - سلێمانی

ناوی کتێب: حەوت وەڵام بۆ ( پەشێو )
و
چەند شیعرێکی قەدەغە.

نووسەر:هیوای مەلا ئادەم.
پیت چنین:گوڵچین سەباح
دیزاینی بەرگ :هونەروەر(تەیب موعتەسیم)
نۆبەتی چاپ:چاپی یەکەم-2013
چاپەمەنی:سیما-سلێمانی
ژمارەی سپاردنی( )

**بەهەڵوێستە هونەری و نیشتمانییەکانی**

**(خالید ڕەشید )**

**پێشکێشە.**

( وانەی یەکەم )

منالّەکان !
ئەی یاخییە ژین تالّەکان:
سبەی ئێوە کە گەورەبوون,
لە لاوکا ,
لەحەیرانا ,
لە مزگەوت و دیوەخانا ,
لە چیرۆکا ,
لەهۆنراوەی شاعیرێکی ترسنۆکا ,
ڕەنگە زۆرتان بەرگوێ کەوێ
باسی ئێمەو ئازایەتی ,
باسی ئێمەو کوردایەتی ,
بەلاّم نەکەن بڕوا بکەن ,
هەمووی درۆن,درۆی پەتی!

( وەڵامی یەکەم )

مامە پەشێو !
پیاوی هەقگۆ,پیری جواننووسی دەستبزێو !
ئەوا ئەمڕۆکە گەورەبووین:
وا دەبینین بەچاوی سەر,
مرۆڤگەلێک لە کالآدا پۆشتەو پەرداخ
لەهزرا کەر !
((لە لاوکا,
لەحەیرانا،
لەمزگەوت و دیوەخانا,
لە چیرۆکا..)),
لەهۆنراوەی دەرباران و ,
جاش قەڵەمی ترسنۆکا !

دەیانبینین:
کاوێژ بەڕابردوو دەکەن..
باسی وان و ئازایەتی,
باسی وان و کوردایەتی!!
بەگیانی تۆ *کەفەزگ بووین..
بە درۆی شاخداری دیرۆک،
بەخەباتی ڕابردوویان:
ئاشبەتاڵ و جاشایەتی !

*کەفەزگ :پچڕان لەپێکەنینی زۆر.

( وانەی دووەم )

منداڵەکان !

ئێمە تووشی سەد کوێرە ڕێین...

چرای بیرمان گەلێک کزە ,

هەنگاوی کوێرانە دەنێین !

***

منداڵەکان !

ئەفسانەکان دەگێڕنەوە:

هەبوو...نەبوو...

هۆزێک هەبوو لەخاکێکا ,

پاڵەوانیان –

چاوی کوێربوو ,

هەوای دەورەی خۆی دەپێکا .

فەیلەسووفیان –

فاڵچییەک بوو ,

شەوان فاڵی دەگرتەوە ,

تا بزانێ کەی دوژمن بۆی

پەت دەخاتە گەردنی خۆی.

**پیاو ماقوڵیان –**
**کەڕو لاڵ بوو ,**
**ماوەی کورتی ئارامیشی هەزار ساڵا بوو !**

**هۆزی نەگبەت**
**شەوی دەژمارد,**
**ڕۆژی دەژمارد,**
**سێ ژەم نان و چەپڵەی دەخوارد,**
**چاوەڕێ بوو کە دوژمن بۆی**
**پەت بخاتە گەردنی خۆی!.**

**وەڵامی دووەم:**

**مامە پەشێو**
**ئێمە سادەین...**
**مەلی بیرمان نزم فڕە!**
**چەندین ساڵە،**
**لەسەر هێلکەی بودەڵەبوون**
**هەڵکوڕماوە...مات و کڕە!**
**لەوەتەی هەین ...**
**سادەین وەکو پەڕەسێلکە..**
**خانۆچکەی قوڕینی ژینمان**
**لەبنمیچی ماڵی گەورە جەللادێکە!**
**

**مامە پەشێو..**
**تۆ ئەفسانەت گێڕایەوە**
**من (*)کەتوارێ دەنووسمەوە.**
**بەهەمان تەشی یاخییەتیت**
**پەتی ڕەشی گەوجاندنی**
**ئەم دیرۆکە دەڕێسمەوە.**

**= نەبوو.. لێ هەست!**
**گەلێک هەیە لە هەرێمێ**
**قوربانی نییە نەیدابێ..**
**شوێنێ لە جەستەی نەماوە**
**نێزەی دوژمن،**
**چەقۆی حەرامزادەی خۆیی،**
**گوللەی تفەنگی براکان نەیپێکابێ!**

گەلی نەگبەت:
تەپیو لەبن باری مەینەت!
چەکی ئاخوندەی گریانە,
هونەرمەندی بازرگان و
ڕۆژنامەنووسی کاسە لێس!
ڕۆشنبیری فێرە( بەڵێ ) و
دەست لەسەر سنگ ,
پاڵەوانی شێخی چلێس!
** **
گەلی وەڕس لە زۆرداری
شەو دەژمێرێ,
ڕۆژ دەژمێرێ ,
چاوەڕێیە کە (کاک قوون )خۆی
دوو دەستی سپی لێ بڕوێن,
کورسی لابەرێ لەبن خۆی!

(وانەی سێیەم)

منداڵەکان!

ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن ,

ئێوەن ئەو بوومە لەرزانەی

سبەی کانی دەتەقێنن...

ئێوەن سبەی

سنووری دەسکرد دەشکێنن,

قەفی زنجیری لێکپچڕاو

بەیەکترەوە دەلکێنن.

ئێوەن سبەی

لە قامیشلی,

لە دیاربەکری شیخ سەعیدا,

لە سلێمانی بریندارا ,

لە مەهابادی ( قازی ) دا,

بەیەک فەلسەفە پێدەگەن,

گشت تێدەگەن:

ئەوەی کورد بێ, نەوەی نوێ بێ,

دەبێ تێشووی

ڕێی یەکیەتیی کوردی پێ بێ!

(وەڵامی  سێیەم )

مامە پەشێو
پیاوی هەقگۆ,
پیری جواننووسی دەستبزێو!
لە سێیەمین کۆوانتدا
بەگوێی ئێمەی زارۆت چپاند:
" مناڵەکان!
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن ,
ئێوەن ئەو بوومە لەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن...
ئێوەن سبەی
سنووری دەسکرد دەشکێنن,
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن."
= لێ مخابن!!
هەرکە خۆری بەیان ئەنگووت.
پەنجەرەی بیر کرایەوە,
خونچەی ژیری دەمی پشکووت!

فێری کاکەو مامە کراین...
شتڵە نەمامی ساوابووین,
لەدوای بەهاری ڕاپەڕین..
بەخوێنی کەللە سەری کورد
بە ئاوی درۆ پاراو کراین!
لەسەر " پەڕۆگوو"ی , سەوزو زەرد

**هەزار کەڕەت بەر شەق دراین!**
**هەزار کەڕەت تەنبێ کراین.**
**کە گەورەش بووین :**
**وەکوو مێگەل سەرمان داخست...**
**وەکوو"کەرگەل" ڕەوە ڕەوە**
**بۆ خوێندنگاو زانکۆ:(کۆزان),**
**نەخێر ( کەرزان )!**
**بۆ سەر ئاخوڕی ئەخلاق و چەپڵە لێدان**
**ڕاپێچ کراین!**
**هەر هەمووومان , ئەو پەیامە لکا بە بنمیچی گوێمان:**
**(( ئەوەی کورد بێ و نەوەی نوێ بێ ))**
**بەسەر ڕەنگێکدا دابەشبێ,**
**بۆ خۆی بژی..**
**تەور تەیار ,**
**تفەنگ بەدەست ,**
**فیشەکدانی پڕاوپڕ بێ!**

( وانەی چوارەم )

منداڵەکان!
ئەی بێلانە ژینتاڵەکان:
زۆر لەمێژە دایکەکانی ئەم وڵاتە
مەمکەکانیان
شیری سەربەستیی تیا قاتە.
زۆر لەمێژە کێوەکانی ئەم وڵاتە,
پێغەمبەرێکیان تیا قاتە!
منداڵەکان!
لە ئاگردانی چاوتاندا,
من چاوەڕێی زەردەشتێکم,
بۆ جێ بەو بتانە لەق کا.
من چاوەڕێی
چەخماخەی ئاڤێستایەکم,
بۆ جەرگی تاریکی شەق کا!

( وەڵامی چوارەم )

مامە پەشێو
لەبەرهەمی وانەکانتا,
لە ئاتەشگای شیعرەکانتا..
لە بری زەردەشت (سەردەشت)ێًک ، هات!
هات جێ بەو بتانە لەق کا ،
چوون چەخماخەی وشەکانت
هات سنگی جەهل هەڵدڕێ,
هات جەرگی تاریکی شەق کا!
وەلێ سەرکردەی چەتەکان
خێڵی ئەشکەوت,
ڕێگرو بت پەرستەکان.

هاتن پێغەمبەریان ڕفاند..
هاتن و سەردەشتیان ڕفاند.
بلێسەیان کوژاندەوە..
دنیایان کردە شەوەزەنگ
نە شوێنکەوتوانی ڕاپەڕین,
نە( خوای هەرێمیش ) هاتە دەنگ!

( وانەی پێنجەم )

منداڵەکان!
سەنگەر سەنگەر, چیاکان گەڕام,
گوێم لێ بوو, کۆمەڵێ قەوان
لە ناو سەنگەرێکی چۆڵدا,
لە پێشمەرگەی شەهید دەدوان!

( وڵامی پێنجەم )

مامە پەشێو..
دوای ئازادی:
ماڵ بە ماڵی شەهید گەڕام,
لە ژورێکی ساردو سڕدا
گوێم لێ بوو بەچکە شەهیدان
لە پێڵاو و
لە ئاگرو,
لە نان دەدوان!

( وانەی شەشەم )

منداڵەکان!
دەسگیرانم کۆترێکی دیاربەکرە.
حەزی لە چیا و قاسپەی کەو و ڕەنگی بەفرە.
بۆ گواستنەوەی
زنجیرەی چیام قەف قەف بڕی.
ڕۆژژمێرم پەڕ پەڕ دڕی.
پەساپۆرتم؟
ئاوات و زەردەخەنە بوو,
کلدان و کیسیچک خەنە بوو.
کە لەدەرگەی سنوورم دا,
لەباتی ماچ..
ماچی گەرمی دەسگیرانم,
تفی زرەدی پۆستاڵڕەشێک
هات...سواخی دا ناوچەوانم!

**( وەڵامی شەشەم )**

**مامە پەشێو!**
**دەسگیرانم...کۆترێکی ڕواندزە**
**وەک خۆم یاخی و قەستەسەری**
**قەلەڕەشکەی مافیاو دزە!**
**بۆ شادبوون پێی:**
**شەو و ڕۆژم خستە سەریەک**
**بە بێداری.**
**شەو یاساوڵ,**
**بە ڕۆژانیش, لەدوای زانکۆ کرێکاری!**
**کامی ئەو بوو:**
**(خۆر داگرم),بیکەمە تاجێ بۆ سەری!**
**پڕ بە بەژنی جوان و کۆکی,**
**لە گوڵە کێویلەی شیعرم...**
**کراسێ بچنم بۆ بەری!**

**وەلێ ڕەنگە,ئەو ڕۆژەبێت**
**هەر لەسایەی پەیڤەکانم,**
**دەسگیرانم کۆستی کەوێ..**
**لە بری تفی پۆستاڵڕەشێ**
**گوللەی ڕەشی دەمار زەردێ**
**بێت و بەر تەختی تەوێڵی**
**پاڵەوانی خەونی کەوێ!**

( وانەی حەوتەم )

منداڵەکان!
لەسەر ناوچەوانی زەردی ڕۆژنامەکان,
لەسەر بۆڕییە نەوتەکان,
لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان,
دە ملیۆن جار
نووسیمان: ((بژی چەوساوە))
نووسیمان: ((بژی کرێکار))
بەڵام هەموو نووسینەکان,
تەنیا جارێ,
نەیانتوانی ببنە پاروو،
تێرکەن زگی کرێکارێ!

( وەڵامی حەوتەم )

مامە پەشێو!
پیاوی هەقگۆ..
پیری جواننووسی دەستبزێو!
لەمینبەرو

**گەرووی تورەی منارەکان,**
**لەناودڵی مان گرتن و**
**دێری یاخی هۆنراوەکان,**
**لەسەر پەڕۆدروشمەکان.**
**دە ملیۆن جار**
**نووسیمان: بژی چەوساوە,**
**بمرێ زۆردار!**

**هاواری گشت منارەکان...**
**ڕێپێوان و نووسینی گشت لافیتەکان,**
**بەهەموو شیعرە تورەکان,**
**نەیانتوانیوە تا نوکەش**
**تەنیا جارێ!**
**ببنە کوڵینگ..بڕوخێنن,**
**کۆشکی بەرزی ستەمکارێ!**

(1)
رۆژێ دادێ..
سەرگۆڕەکان
هێمنترین شوێنی ماچ بن!
ناوەندی شارو پارکەکان
*کە وێڵی مرۆی خوێن ڕێژ و
مەیدانی ئاگر و خاچ بن!
من دڵنیام ئەو رۆژە دێ..!

*کەوێل:کەپر –سابات.

(2)

لەجوگرافیای ژیانی من
هەمیشە دەشتی عەشق و
قەدپاڵی حەز
لەگوماندان!
لەوەی نەکا ئێوارەیەک....
کێوی درۆ
بەسەریاندا هەرەس بێنێ و
هەرچی ماچە ئاوارە بێت !

(3)

لەوڕۆژەوەی!
دەستم خستە دەستی عەشق و
پەیمانی خۆشەویستیم بەست
هەتا دوێنێ !
هەرکەسێ بەچاوی گوناه
سەیری دڵداری کردبا
لە هەرشوێنێ!
گرنگ نەبوو چیەو کێیە
من بەڕووی دا دەهاتمە دەنگ!
وشەم شمشێری سواوی نێو کالان بوو
هەردەم تەیار
بەڕووی درێژترین زمان دەکەوتمە جەنگ!
دەزانی بۆ؟
چونکە پێم وابوو من و تۆ
دووعاشقین پاک و ڕاستگۆ
کەچی ئەمڕۆ.... ئاخ بۆ ئەمڕۆ

لەهەر کوێیەک باسی جوانی عەشق دەکرێ
لەهەرکۆڕێ
ناوی شیرین و فەرهاد دەبرێ
شیعرم سەردادەخاو دەڵێ :
تکادەکەم لێرە بڕۆ!
دەزانی بۆ؟
چونکە هەموو سوێندەکانت بوونە درۆ.

چونکە دەرکەوت
ئەو دەمانەی بەخواو قورئان سوێندت دەخوارد
بێ دەستنوێژ بووی !
کە گەیشتیە تەختی دڵم
وەک هەندێ لەوەزیرو پەرلەمانتاری ئەم گەلە
سوێندەکانت بیر چوونەوەو
وەک سەرکردەی وولاتی پڕ لەهەلهەلە
بێ خەم و ژان لێی درێژبووی!
هەر بەشەرابی خیانەت
وڕو مەست و بەنج و گێژ بووی
ئاخ لەدەست تۆ....
تۆی خاڵی لەعەشق و جوانی
لێوان لێو لەوادەی درۆ..ئاخ لەدەست تۆ..

(4)
ئەم ئێوارەت..
دوگیان کردوم بەبێدەنگی،
فریام کەوە!
مەرگی وشەم لەدایک بوو...!
ئەی سنەوبەری ئەوینم،
بەرگی پاییز مەکەرەبەر!
هێشوە حەرفێ..
گۆرانیێ بەرەو باوەشی عەدەم چووا!

(5)

**پاکارێکی دراوسێمان**
**مانگی جارێ**
**سەردانێکی باوکم دەکات**
**دێت بۆ ماڵمان!**
**کە دەیبینم بە جلی سەربازییەوە**
**بە کەڵەبچەی دەستیەوە**
**بە چەکی بەر کەمەریەوە**
**قێزم لێی دەبێتەوە!**
**سیمای تورەو توش دەنوێنێ!**
**بە دەست خۆم نیە**
**حەز بە دیتنی ، چرچ و لۆچی چەهرەی ناکەم!**
**بەم جلانەو**
**بەم چەکەو**
**بەم کەڵەبچە ، لە خەیاڵما**
**دیکتاتۆرێ وێنا دەکەم!**
**بەڵام کاتێ هەمان پاکارا!**
**لە پارکێک یان لە بازاردا**
**یان لە مزگەوتێکی شاردا**
**بە جلی کوردیەوە دەیبینم**
**ڕوو گرژیەکەیم بیر دەچێ**
**ئا لەوکاتەدا حەز دەکەم**
**توند توند لە باوەشمی بگرم**
**پر بەدڵم رایبموسم**
**چەند جاران تەوێڵێ ماچ کەم**
**چەند جاردەستەکانی ماچ کەم!!**

(6)

**ئەڵێن خودا:**

**هەزاروچوارسەد ساڵ بەرلە ئەمڕۆ**
**قورئانی وەک دواین پەرجۆ**
**بۆمرۆڤ ناردەخوارەوە**
**ئیتر لەوە بەدواوە**
**قەت پەرجۆیەک روی نەداوەو**
**ڕوش نادات !**
**بەڵام ڕویدا**
**پارساڵ سیاو سوتی بەهار**
**لەلادێیەکەی سەروی شار**
**بەڕۆژی ڕوون مانگم بینی**
**جلێکی کوردی پۆشیبو ،**
**بەلەنجەو لار**
**بەرەو لای من دەهاتە خوار!**
**ئا ئەمەیە پەرجۆی خودا**
**مانگ بڕوا بەسەر زەویدا !**

(7)

**بۆ هاورێو شاعیر (نەریمان عەلی)...**

**(( ئەو دەمانەی لە ژێر باراندا پیاسە دەکەین و چەترە کانمان لە دالآنە تاریکەکانی رۆحدا جێ دەهێلْین))**

**– ئەو شەوانەی قۆلا لە قۆلْدا**
**لە ژێر باراندا رێ دەکەین**
**سەدەفێکە لە بێدەنگی**
**خەم تیایدا هەناسە دەدات!**
**زۆر شەو وایە،**
**جگەرەیەک،**
**ئاوازێک،**
**خەیالْێک...**
**دەفتەری بەستەکانیشی لە دەست دایە!**
**رێگایەکی دوور دەپێوین**
**من برِستم لێ دەبرێت**
**تاوێک پشوو...**
**ئەمجارەیان**
**خەیالْێک،**
**ئاوازێک،**
**جگەرەیەک،**
**ئاااااى خودایە!**

**ئاوازەکە کۆتایی هات**
**جگەرەکە بوو بە سووتو**
**خەیاڵی ئەو دوایی نایە!**
**سەیری دەکەم ،**
**لە گلێنەی چاوەکانیا**
**بە دوای ڕازێکدا دەگەڕێم**
**لە ناکاوێک،**
**هەرچی بەستەی قەتیس ماوەو**
**چی نهێنی بێدەنگیە پەی پێ دەبەم!**
**لێ ، خەیاڵەکەی ناپچڕێنم**
**بانگی ناکەم ، دڵم نایە!**
**لە بێدەنگی هەموو شەوانی تێدەگەم**
**بەدرێژایی هەمووریِ َگا**
**خەیاڵی ئەو چاو ڕەشێکە**
**دەستی لە ناو دەستی دایە!**

**(8)**

**ئێوارەیەک دوو پرسیار**

**دوو بەچکەی کۆنە چەوساوە**
**لە لادێ، ڕویان کردە شار!**
**چوون بەرەو کۆشکی سەرکردە**
**تا بپرسن تاکەی پەیمانی پڕ درۆ؟!**
**تاکەی خیانەت و ئازار؟!**
**بۆ بەیانی ،**
**دوو تەرمی دەم  بەستراو بوون**
**فڕێ درابوون لە قەراغ شار!!**

(9)

**لەشەوێکی ئەنگوستە چاوی پاییزدا**
**پێنوسێکم کردەشان و**
**لەماڵی شادی هاتمە دەر!**
**بەتاسەوە غەمم پۆشی..**
**سواری ئەسپی وشەبوم و**
**سەرشێتانە ڕێم گرتە بەر!**
**سوێندم خوارد بەنیشتیمان و**
**بەڵێنیشم دابەدایکم**
**یان ئەوەتا لەم ڕێیە دا**
**خوێنم دەڕژێ،**
**جارێکی دی نایێمەوە..؟**
**یانژی لەگەڵ خۆم بەهارو**
**پرچی دزراوی باران**
**کەنی هەتیوان دێنمەوە!**

(10)

**من و تۆ دەبێ دابېڕێین**
**تا بەیەک گەیشتن نەبێتە مەحاڵا!**
**خەونەکان هێشتا مەلۆتکەن**
**خونچەی پژهان**
**نەیکردۆتە بەر بەرگی ئاڵا!**
**ئەمە باسی قەدەر نیە**
**من و تۆ دەبێ دابېڕێین**
**بۆ هاتنەدی خەون و ئاوات**
**وەک چۆن دەبێت جێت بهێڵم**
**تاکو بمێنمەوەلەلات!**

(11)

**– دێر زە مانێ پۆستاڵا ڕەشێ**
**لە ژێر داربەڕوویێکی  بەر بنار**
**خوێنی جوتیارێکی پژاند!**
**رۆژ هات  و شەو چوو..**
**خوێنی دەیان هەژاری وا**
**بەناخی دار بەڕوو ڕۆ چوو!**
**دوای رۆژگارێ ،**
**داریان بڕی .. بردیان بۆ شار.**
**بێشکەیەکی منداڵانیان لێ دروست کرد**
**دایکێک کڕی ... بردیەوە دێ**

**کۆرپەی ساوای،**
**لە سەر لانکەی بە خوێنی هەژار ئاودراو**
**پەروەردەکرد**
**کە گەورە بوو کۆرپەی ساوا**
**شۆڕشێکی سپی و سوری**
**دژی بێ دادی بەرپاکردا!**
**نەک هەرتەنیا بۆگەلی خۆی**
**داوای ئازادی وسەربەستی**
**بۆهەمو دیلی دنیا کردا!.**

(12)

**نیوە شەو بوو**
**مەستانە خەونم دەدیت**
**((ملک الموت))**
**هەرچی دەردو بەڵا هەیە**
**لە گەڵا قەدەر پێچایەوە و نایە کۆڵی!**
**ویستی بڕوات**
**ئەم ویرانەیە جێ بێلێ**
**یەزدان خۆی داچەماندەوە و**
**وتی:**
**-بۆ کوێ؟**
**مەگەر من فەرمانم پێ نەکردوی**
**مرۆڤەکان دەبێ بمرن!**
**((ملک الموت))**
**-دەمەوێت ئێرە جێ بێڵم!**
**یەزدان :**

-بێ پرسی من !
((ملک الموت))
بە پەرۆشیەوە:
-بەڵێ!
چونکە تا لەم وڵاتەدا
دوو سەرکردەو دوو برا
بەر ببنە وێزەی ئەم گەلە
بێ سوودە بوونی من لێرە
پێ نانێمە دەرکی سەرا!
لێ گەڕێ چەند ساڵێکی تر
هەرچی کوردە،
چی لاژگە ، یاخود مەردە
بەرێ دەکرێن بۆ گۆرستان
لە سایەی کاکی سەرکردە!

(13)

**( عاجباتی )**

**هەزار ڕەحمەت لە گڵکۆکەی..**
**نەنکم دەیگووت:**
**ڕۆڵەگیان ئاگات لەوەبێ!**
**قیامەت نایە کەنێزیک بوو**
**منداڵی بیژوو زۆر دەبێ!**
**= لەکوێی نەنە..**
**تا بەچاوی خۆت ببینی**
**چ قیامەتێ بەرپابووە!**
**نەک هەر منداڵی ناشەرعی,**
**لەم هەرێمە:**
**زۆڵە سەرۆک پەیدابووە!**

*(14)

لادێیەکەمان چەند سەگێکی تێدایە
شەو تا بەیان،
لە بەردەرگای ئەم وئەودا پاس دەکەن!
لە ڕاستیدا ماڵی کەس نین
کێ سکی برسیان تێر کا
کلکە سوتە بۆ ئەو دەکەن!
لادێیەکەمان چەند سەگێکی تێدایە....

*لە ژێر کاریگەری(فدریکۆگارسیا لۆرکا) ی ئیسپانی دا نوسراوە.

(15)

تۆ:ئەی ئاسکە گیرخواردوەکەی
نێوتەلبەندی داب ونەریت،
ئەی لەئازادی بەجێمـــاو!
ئەی مانگە ڕووزەردەکەی خوا..
ئەی چــرا هیلاکەکەی ماڵ،
شەرابی سەرخوانی پــیاو!
ئەی ئەو باڵـــا کەڵەگەتەی
لەوەتەی هەی،
ئاوێنەتە گـــۆم وزەڵکاو!
هۆ نەورەسە باشیلەکەی
لەدەریـــــاو کەناردابـــڕاو!
نەچوەبچی!؟
تۆدەتوانی ئازادی بگریتەباوەش..
لێ،بەمەرجێ..
ئەم دو سنورە بشکێنی :
یەکەمیان– بـــاو–
دوهەمیان– پیاو–!

(16)

*

شیعرگەلێکی نێرینەم!
هەندێکیان لاو..
هەندێ قافەی سمێڵیان زل،
کامڵ وپیاو!
لەزۆرکۆڕی ژنانەدا
باسی عەشق و
جوانی ڕەنگ و
سەربەستی قژت بۆدەکەن!
وەلێ کاتێ لەنێو دیوان
کچەشیعرێکم دەبینن
جلی تەنکەو کورت دەپۆشێ
ڕقیان ئەستوور،
دڵپیسیان دەکشێ.....دەکشێ..
هێندەی باڵای خودا درێژ!
لەدەستیان بێ
چی کچی ئەگریجە خاوەو
پرچەکانیان بەدەرەوەن
قژیان دەبڕن،بەسوتان تەنبێیان دەکەن!

(17)

هەر شیعرێکم دێتە دنــیا،
لەورۆژەوەی مەلۆتکەیەو چاو هەڵدێنێ ....
تا ئەو ڕۆژەی ،
دەکەوێتە سەر پێی خۆی،
ڕۆژانەیەک دەبڕمەوبۆی.!
ڕۆژی وا هەیە وشەیەک
ڕۆژهەیە دووان،
هەندێ جاریش دەگاتە ســێ!
هەربۆئەوەی کۆرپەی شیعرم
بـرسی نەبێ و،
چاونەبـڕێتە نانی کەسـێ !
چــوون دڵنیام:
ئەو منداڵەی لەهەبووندا برسی بکرێ
لەڕۆژی فراژبوونەوە،
تا پــــــــیردەبێ!
،فێری دزی کـردن دەبـــێ!

(18)

ڕاوەستاوم!
پێکەنینم لەسەر لێوە..
بەرانبەرم
تابلۆفرۆشێکە تورە,
چاو لەناو چاوانم دەبڕێ!
کڕیارێ لای لێ ناکاتەو,
لە داخانا,
لێوەکانی هەڵدەکڕێ..!
تابلۆکانی:
سەرۆک کۆمار,
سەرۆک هەرێم،
سەرۆک حکومەت و پەرلەمان..
سەرۆک...سەرۆک..
تا دەگاتە سەرۆک خێڵێک,
خۆیان و بزەی سەرلێویان هەڕاج دەکا..
کەس بە فلسێ نایانکڕێ!!

(19)

**دەڵێن: لەبنگوێی**
**مەلۆتکە بانگدەی,**
**کاتێ گەورەبوو نابێتە بەدکار.**
**من پێدەزانم بەچکە مەلایی,**
**گەورەترین دزە,**
**مافیا...ستەمکار!**
**بڵێی لەبنگوێی ئەو بانگ نەدرابێ؟**
**یان بانگبێژ بانگی ڕەوان نەبووبێ؟!**
**ئەدی چما بەڕێز:مەلازادەمان**
**هەزاران قابیل بەپەنجەی نابێ!**

(20)

**هەتـــادوینێ!**
**تەویڵی تەخــتی گوناه و**
**بەژنی بۆنی زینـــای ئەدا !**
**کلیلی هەردوو گلێنەی**
**نابوه دەستی پیڵوی حەزێ**
**نەزەر خانەخوێ بوو هەردەم**
**لەماڵی چاوەکانیـــــدا !**
**ئەمێستاکە،**
**ڕیشی درێژەو**
**سمێڵی کورت !**
**قسەی زلەو**
**نوشتو ئەکاو**
**فەتـــــــوا ی کوشـتنی من ئەدا!**

(21)

ئاژەڵ و مرۆڤ، هەردووکیان!
ئەفرێنراوی دەستی خودان
یەزدان جۆرێ هێنانیە بوون
هەرلەڕێگای لەدایکبــوون
تاگــیان کێـــــشان،
لەزۆربەی شت وەکو یەک وان !
خــــواردن...خـــەوتن
پــیربوون...کەوتـــــن!
تەنانەت لەڕۆژی دوایی
هەردوو زیندوو دەکـــرێنەوە!
بەڵام لەژینی دنــیادا
یەزدان دووشتی دا بەمرۆڤ
تاکو لەوان جوێ کرێنەوە!
ئەویش:بیر بۆ بــیرکردنـــەوە
زمانێکیش بۆ ئاخـــاوتن!
بۆ زانینی ئەرک و مـــاف و
بەدەمەوە یەکتـــر هاتـــن!
چ سەیرێکە؟!
لەم وڵاتە:
وەها یەکسانی چەسپـاوە !
لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤجیاوازییەکی وانـەمـــاوە!
دەست دەگیرێ بەسەر هزرو
زمان لەدەمدا دەبـــەستــن

**زۆرانێک هەن وەک گـــوێ درێـَژ**
**لەسەر خەرمانی هەژاران**

(22)

**تەمومژێک...**

**پەپولەیەکی ناچارکرد،**
**بچێتە ماڵی جەللادێ!**
**دوای چەند ڕۆژێ...**
**وەختێ دنیا هێور بۆوە**
**پەپولەکە هاتەدەرێ**
**ببوو بەشەمشەمە کوێرە!**

**

**دوو تولەمێو!**
**باهۆزێک هات هەڵیکەندن**
**ڕفاندنی تادەم چۆمێ!**
**دوای چەند ڕۆژێ..**
**وەختێ کە-با-ئۆخژنی گرت**
**چۆم ئەوانی گرتەباوەش**
**هەردوکیشیان بوون بەماسی!**

(23)

**که تۆفانی بێ بەزەیی هات ،**
**گەورەو بچووکی ڕاماڵی**
**نەورەسێ هات و پێ پێتی وتم :**
**شێعرێ وەک سکاڵا وبۆ ئەو خوێنە بنووسە**
**کە لە سەر گۆی مەمکی نیشتیمانەکەت دەچۆڕێ!**
**بینێرە بارەگای خودا**
**تا لە حاڵی کورد بنۆڕێ!**
**ئەستێرەیەک  هاواری کرد:**
**خوێژنگ نەکەی ،**
**خودا لە خۆت زویر نەکەی!**
**هیچ مەنووسە**
**من لێرەوە چاوم لێیە**
**ئەمە تیری دوژمن نەی پێکاوە**
**جێگەزەی چەند حەرامزادەیەکە**
**لە دایکی خۆیان نەبانن!**

..

(24)

من حەز دەکەم ئەوشەوانەی
لەجێی -کاکەم- نیگاهبانم
لە بری تفەنگ،
تەمبوورەکەم ،
یان دەفتەرە بچکۆلانەی شیعرەکانم
لە گەڵا خۆم بەرمە دەرەوە!
تا لەوێدا، لە بەر دەرگا
ئاوازێک بۆ خۆم بژەنم
یان شێعرێکی ئەوسای شێتیم بخوێنمەوە!
ئاخر تفەنگ ، گەورەو بچووک،
هەر ڕەنگێک بن..
هێمای جەنگن ، ناشیرینن!
لای من ئاواز ، شیعر، پەخشان
وەکو -ژن- وان
هەمووش نەبن ، نیوەی ژینن!!

(25)

ڕۆژی پەسڵان بوو..
جاش قەڵەمێک، بوبوە–خوا–!
دوانی تریش لەهەمان دەنگ وڕەنگی ئەو
بوبونە نەکیرو مونکیر،
شاهێدیان لەخەڵک ئــەدا!
لەپێش ئەمیــان،
هەزاران قەڵەمــی دزو
خۆفـرۆش ودیــن فــرۆش و
خـــــــاک فرۆش،
بەرەو بەهەشت بەڕێ خران!
وەختێ نۆرەی ئەمیان داهات:
کەوتنە پشکنین وگەڕان،
بەدوای تــــــــاوان!
سنگیـــــان شەق کرد..
دڵیـــــــان لــەت کرد..
وەلێ، دواجار:
لەڕاستگۆیی و خواپەرستی
غەمی خاک وخۆشەویستی!
شتێکی تریان نەبینی..
بۆیەش–خودا–فەرمانیدا،
بیخەنە نـــاودۆزەخـــەوە!

(26)

من هەموو گریمانەکانم خوێندنەوە
مــردن ،
شێت بــوون ،
سەفــــەر،
تا ئەودیوی کەوشەنی گیان
کوێرەوەری و دەربــەدەری !
بەڵام هەرگیز بڕوام نەبوو
ڕۆژێ بێت (گــوڵ)
کراسی –با –بــکاتەبــەری!

(27)

پێدەزانم دەیان ساڵە!
بە بەلەمی کون تێ بووی دیرۆکیانەوە
بە سەر روباری سووری  خوێن،
دێن و دەچن !
دەیانەوێت بە زەبری چەک
فراوان بن وەکو دەریا
بۆ کەناران شەپۆل بدەن
لێ مخابن !
ئاوڕ نادەنەوە دواوە
لە مێژوویان ناڕوانن
درک ناکەن ، لە وەتەی هەن..

**سەولا لە سەر لم لێ دەدەن !**

**(28)**

**شەو درەنگە ،**
**بۆ ئەوەی کوڕەکە بنوێ**
**دایکەکە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە:**
**(( هەبوونەبوو، کەس لە خوا گەورەترنەبوو))**
**دایک وای وت:**
**هەر لە سەرەتای چیرۆکەکە**
**پرسیارێک کە یاساغە**
**لای کوڕەکە لە دایک بووا!**
**دایە!**
**+ گیانی دایە!**
**خوا چەند گەورەیە؟**
**+ نازانم رۆلە .... زۆر ...زۆر... گەورەیە!**
**هێندەی دار سنەوبەرەکەی حەسار؟!**
**+ زیاتر ڕۆڵە ...زۆر زیاتر!**
**باشە دایە پرسیارێکی تر..**
**+ بنوو گیانە شەو درەنگە!**
**دایە توخوا...**
**+باشە ڕۆڵە ، خێرا پرسیارەکەت بکە.**
**خودا چۆنە؟!**
**+ میهرەبانە**
**یانی گەورەو میهرەبانە؟!**

+ئەرێ گیانەکەم!
ئەو خودای هەموو دونیایە
دەفتەری خراپەو باشەی
هەموو مەردومی لە لایە!
ئەی دایە خۆ هەژارنیە؟!
+ نا ، نا ، رۆڵە!
(مالک ملک)؟!
ئەو زەنگین و بەتوانایە!
ئەو خۆراکی مرۆڤ و جنۆکەش دەدات
باشە دایە..
گەرخوا گەورەو میهرەبان و بەتوانایە
کاتێ هەڵە بجەیان سوتاند،
کاتێ مزگەوتیان دەڕوخاند،
بۆ لە فریای خەڵکی نەهات!؟
ئەی بۆ نەهات:
شۆفڵەکان بوەستێنێ
کورسی زۆردارسەرەو ژێرکات!؟
دایک بێ دەنگ بوو..
کوڕەکە بێ دەنگ بوو..
سپێیدە هات خۆر وە دەر کەوت
نە بەرسڤی پرسیار درا
نە دایک و کوڕ خەویان لێ کەوت!.

(29)

که دەبینم ،
سۆزانییێکی بێ سەواد
لەمەلهاکانی ئەوروپا ،
بۆیەک ڕیزی و ئاشتەوایی و
پێکەوەژین هاوار دەکات!
من لێرەوە ....
پەنجەی شیعرم لەتاڵی سۆز
ئاواز بۆ یان دەژەنێ !
که شیعرێکی ئەوسای تۆش دەخوێنمەوە
ئەی جاش قەڵمەکەی دوێنێ و
پاڵەوانە نەترسەکەی ئەمڕۆ!
لەوساتەدا...
مەرگێکی ترسنۆک وەک تۆ!
ترسنۆک وەک:
لەچەرەکانی دوێنێ و
ڕەتەوەدارانی ئەمڕۆ !
دەخزێتە نێو خەیاڵدانم
چاوی شیعرم مەنگەڵ دەکات !

(30)

له پیره پیاوێکم پرسی :
وتم :خاڵۆ
دوا خۆزگەو ئاواتت چیه؟!
چاوەڕێ بووم بڵێ بە هەشت
وتی رۆڵە کاتێ مردم ،
لەوسەر رێی کانیه بمنێژن!
وتم: بۆ چی؟
ئەی بەهەشت!
وتی :
من کە لە دونیا بە گڕی جودایی سوتام
با لەو دونیاش ،دۆزەخ بێت جێم
باکم نیه!
خۆ هیچ نەبێت لەو سەر ڕێیه
رۆژێ جارێک،
بە سەر گڵکۆم رادەبورێ
ئیتر فیردەوسم بۆ چیه!؟

(31)

**دڵی من....**
**مێرغوزارێکە لەقەدپاڵەکانی ڤیان !**
**لە ئاسکی وشە بترازێ**
**باوەش بۆ هیچ گورگ و سەگێک ناکاتەوە !**
**وەلێ جار جار ،**
**ئەگەر دێوەزمەی تورەبوون**
**لەناویدا وەردەکەوێت،**
**ئەوە خەونی چەند سەگێکە**
**ئەم بەچاوی پڕ لە قینی**
**ئەوانی دا ئەداتەوە!**

(32)

**دێڵە سەگی**
**مەڕدارێکی دراوسێمان**
**هەر بۆ ئەوەی ڕانە مەڕەکەی دڵخۆشکا**
**هەدا نادات و دەوەڕێ.**
**هەمووش درۆ!!**
**لەگەڵ شواندا شین دەکا,**
**لەگەڵ گورگیش هەڵدەپەڕێ!**

**=ببورە سەرۆکی کۆمار**
**حەز بەوەڕینی سەگ ناکەم!**

(33)

**پێش ئەوەی لەنیشتمان دەرمکەن**
**ڕبَم پێ بدەن**
**ناسنامەکانم هەڵگرم!**
**=ناسنامەی من:**
**ماچی دەستەکانی دایکم,**
**ناسنامەی من:**
**مشتێ خۆڵی ژێر پێی باوکم.**
**ناسنامەی من:**
**گەردن ئازادی براکەم...**
**ناسنامەی من:**
**هەر بۆ ئەوەی لەبازگەی مردن نەگیرێم..**

**چەند تاڵێ لە پرچی خوشکم,**
**کە هیچ کات خۆریان نە بینی!**
**پێش ئەوەی دەرمکەن..تکایە بهێڵن**
**ناسنامەکانم هەڵگرم..!**

(34)

**ئێوارەیە!**
**کات ئەسپێکی سەرمەستە..**
**بەنێو تخووبی مردندا غارەکات.**
**ژیان لەفیلمێکی بەتاڵ ئەچێ**
**ئەکتەرەکانی، هەڵەبجەو**
**گەرمیان و بالیسانە!**
**لە خێزانەکەی من دەچێ**
**خەونەکانی پەرتەوازەو**
**خۆشەویستی ئەنفالکرا!**

**ئێوارەیە...**
**" سەرم لە تۆپێکی قورس ئەکا..**
**چیتر لەشم توانای هەڵگرتنی نییە!**
**ژیان...**
**فیلمێکی تراژیۆکۆمێدییە!**
**بێباکەکان سەیری دەکەن..**
**" خوا " لەو سەرەوە بینەری،**
**دوا جار عەدەم چارەنووسی!**

(35)

بۆ برسێتی کچە نانێ!
بۆ تینوێتی کوڕی باران..
زۆر هاتموو چووم لە قاپیمدا.
کوردایەتی دادمی نەدا!
مێژووی باوکم بەرشەق درا..
ئاخوندەم برد,
شێخ و شاعێر,
ڕۆژنامەنووس و مامۆستا...
کەچی هەر هیچ!
هەر هەمووومان لەم ڕێیەدا
تنۆک تنۆک ئارەقمان ڕشت!
کەچی لەولا بەچکە جاشێ:
گیسکێکی دابوویە پێش خۆی,
وەک بڵێی کوڕی شەهیدبێ..
ڕێزی گیراو
دەرگاشی بۆ خرا سەرپشت!!

(36)

*1 ( ڕووەو نەسرەوتن )

خۆم و نوێژی کانییەکانم
خۆم و وێردی تاڤگەکانم
**
لەگەڵتاین ئەی سلێمانی
شاری مەحەببەت و جوانی
*
خۆم و دەنگی کپ کراوم
خۆم و ئازادی دزراوم
**
لەگەڵتاین ئەی سلێمانی
ئەی دەروازەی کامەرانی
*
لە مەڵبەندی ئیبن و ئادەم
بەو دڵانەی وەک گوڵ سادەم
**
لەگەڵتاین ئەی سلێمانی
شاری کتێب و گۆرانی
*
لە هەولێری بلۆککراو
مانگی کۆت و زنجیرکراو
**
لەگەڵتاین ئەی سلێمانی

ئەی ئاسمانی نوورو جوانی
*

لەگەڵ تۆدان زاخۆو دهۆک
شاهێدمانە باڵای دیرۆک
*
دەتپارێزین سلێمانی
بە خوێنمان, بە عەشق و جوانی
**
بە پرچی بارانی دزراو
بە شارای گەنمی سوتێنراو
*
بە هەڵەبجە,بە بالیسان
بەمەرگی گوڵانی گەرمیان
**
لەهەنگاوتاین: بۆ سەرکەوتن
هەتا ئازادی نەسرەوتن.

*2 نارۆینەوە!
با چراکان هەر بسوتێن..
دەرگان هەر لەسەر پشت بن!
با کلیلی مەرگ و ژینیش
لە ناو دەستی خوا بڕفێنن
با تێلاکان ,
قەستەسەری شان و پشت بن!
ئێرە سەرای ئازادییە:
دوژمن لێرە پشتی شکا.
گلێنە چاوی بەرخۆدان:
یەکەم شەهید لێرە تکا.
**
پێتان دەڵێن:
لە دەروونی گڕ گرتومان.
پێتان دەڵێین:
لەسەر زمانی شەهیدان،
بە شۆڕشی ڕابردوومان!

= نانمان دەوێ..
بۆ گەدەی برسی و چەوساوان..
سەربەستی ڕاو دەنگمان دەوێ
بۆکەنیشکەو پیرو لاوان.

بێدەنگیتان:

**دڵی دایکان زویر ئەکا.**
**بێباکیتان:**
**نەخشەی شاری یاخی بوونمان**
**لەناو" سەر"دا, تەنویر ئەکا!**

***(1)و(2): کاتی خۆی ئەم دوو پارچە هۆنراوەیەم لەسەر داوای کاک(ئاریان خالید)نووسی .لە17\3\011هاتە لام لەماڵەوە –قەسریٚ –داوای لیٚ کردم وەک باڵەکایەتی هەڵوێستیٚ پیشانبدەین و دەنگی خۆمان هەبێت. ئیدی هەرچەندە پەلەیان لێکردم و ئەم چەند دێرانەم بە هەڵەداوان نووسیون، کەمتر لە15دەقیقەیان خایاندوووە.بەڵام چونکە بەڕۆحم بەردەوام لەناو خەڵکی سەرا بووم دەتوانم بڵێم شتێکم نووسیوە بۆ مێژووم شانازییان پێوەبکەم...پێویست دەکا ئەوەش بڵێم، هەردوو پارچە هۆنراوەکەم لەسەر سەکۆی ئازادی بەدەنگی کاک(ئامانج وەرتی)خوێندرانەوە. دەنگۆی ئەوە هەبوو پارچەی یەکەمیان بکرێتە سروود، وەلیٚ زۆری نەبرد نیوەشەویٚ,دەستەی مافیا ئەوەیان بەسەرای ئازادی کرد, کە کردیان.!**

(38)

**کەنیشکەیەک،**
**دەزگیرانی نهێنی من و شیعرەکانمە**
**گشت سپێدەو ئێوارانێ ،**
**لە پشت شووشە و**
**پەردەو .....**
**تەلبەندی بەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا،**
**من و پاسارییەکان دەدوێنێ!**
**ئاخر دەرگاو پەنجەرەیماڵەوەیان**
**گشتیان لکاون**
**بە دیواری نەریتەوە!!**

(39)
**گەرەکمە کاتێ کە دەمرم**
**مەزارگەکەم ،**
**زبڵخانەو**
**کێلەکانم ،**
**قوتوە بیرەی فرێ دراوبن!**
**کۆتەڵیشم لەکەس ناوێ!**
**ژن  و منداڵ**
**با وەک خۆم ڕووت و ڕەجاڵ بن!**
**لێ ، دوای بە خاک سپاردنم**
**قەڕاڵێ ، یا شالیارێ**

**ئەهریمەنێ، بۆرە پیاوێ**
**بڵێ ڕۆیشت .. هەزار ئۆخەی!**
**گەداییێک**
**بێ پە سێوێ ،**
**یا هەتیوویێک...**
**بە یادمەوە بڵێ:**
**حەسرەت!!**

**(40)**

**ئەو ڕۆژە چەند سەگێکم دی..**
**دەمیان نابووە**
**بینەقاقای ئاسکێکی لاو.**
**شوانێکیش لەولا وەستابوو**
**بێدەنگ و مت!**
**تا دوا هەناسەیان لێ سەند.**
**لە دواییشا..دەستەی مافیا،**
**ڕاستتر بڵێم: سەگەلی ڕاو**
**بەڕۆژی ڕوون،**
**وەک بەرزەی بانان بۆی دەرچوون**
**بەناو بازگەی (زەرد )ی،هەتاو!**
**دوور لە مێرگی خۆشەویستی**
**فڕێیاندا ئاسکی کوژراو.**
**لەو کاتەدا:**
**من ئەوان و**

**سەردەشت عوسمان و**
**سەرۆکەکەم ,هاتنە بەرچاو!**

**(41)**

**ئەورۆژانەی بۆچەند ساتێ**
**دایــکم لەماڵ دەڕواتە دەر..**
**داروبەردی حەوشەکەمان**
**سەبــارەت بــەو لێم دەپـــــرسن!**
**بۆکوێ ڕۆیشت؟**
**کەی دێتەوە؟**
**ئێرەئیتر وێرانەیە،**
**کەی ئاوەدان دەبێتەوە؟**
**وەلێ کاتـــــێ،**
**باوکم دەگەڕێتـــەوەمـــــاڵ!**
**لەیەکەم تەققەی دەرگادا**
**تاپەنجەرەوداروديوار،**
**هەڵدەلەرزن لێــی دەتـــــرسن!**
**چ سیحرێکە لەتۆئەی ژن؟**
**دڵی داروبەردیش دەبــــەی!**
**چ بەدبەختیەکە ئەی پیاو؟**
**بچیەهەرکوێ:**
**خەشم وبیم و**
**گومان لەگەڵ خۆتادەبـــەی!**

**(42)**

ئەو پێی وتم :
بگەڕێوە کوڕە کاکۆڵ خۆڵاویەکە !
هەنگاو مەنێ، ناشارەزا...
ئەم ڕێگایە بێ سنوورە
ئەم هەوارە ...
پڕلەخەونی ئاڵۆسکاوی
قژی خولیاو کۆچی دوورە !
بگەڕێوە ...
نەریت لەڕێگا وەستاوە
دەتسوتێنن گەر بزانن
دڵت بەعەشقی من سوورە !
من ووتم:نا....
من بێ باکم!
من لەوان نیم ودڵپاکم!
شیرینەکەم دەبمناسە !
من فەرهادی خەونەکانتم
بڕوابکە....
تۆئەی خودی خەونی مەحاڵ
من ئامادەم لەپێناوتا
کەلاوەی نەریت خاپورکەم
بێستوونت بۆ بکەم بەچاڵ!
ئەو وتی :نا .....
بگەڕێوە
مەجنونە بچکۆلانەکە !
زۆرم دیتن بۆرە ئاشقان
هەرلەم ڕێگاوە ڕۆیشتن
لەسەر سنگیان نوسرابوو ((مەم))

لەڕاستیدا گورگ بوون!
زۆرم دیتن (وەلی) ئاسا،
لەسەر دڵی بیاباندا
بەڕەنگی _ئاو _ نوسیان (شەم)!
دوایی دەرکەوت بەرازبوون!
من ووتم: نا...
من لەوان نیم،
هاتووم و ناگەڕێمەوە
یان تۆی (لەیلا)ی  خەونەکانم
یان لەباوەشی سەرابدا
وەک (مەجنون) سەر دەنێمەوە !
ئەمجارە بێ وەڵام ڕۆیشت ...
بەبێدەنگی داپۆشیم !
دوای ڕۆژانێ لەدڵتەنگی
ئێوارانێک گەڕایەوە و
نامەیەکی خستە مشتم
هەمدیس بێ دەنگ
ڕێی گرتەبەر !
من پێم وابو ...
خۆری هیوام
لەپشت کێوی بێ هیوایی هاتەدەر!
نەمدەزانی بەم زووانە
خۆری خەندەم ئاوادەبێت
هەرگیز بڕوام بەوە نەبوو
لەنامەکەی وانوسرابێت :
_سڵاو!
ئەی نەوەی پیاوی نەریتی

هەمیشە لەعەشق دۆڕاو !
لێم ببورە ،
گەر بڕوا بەپاکیت نەکەم
ترسم هەیە ،ئەی تازەلاو !
تۆکوڕی نیشتمانێکی
پڕلەگۆڕی کچی سوتاو
پەروەردەی دارستانێکی
پڕنەمامی شەهیدی عەشق
پڕدرەختی بێوەژن و
پڕ لەپیاوی زیندوو ماوی
لەلای خودا ،شەرەف ڕژاو!
ناهەق نیم گەرلێت بترسێم
کەدەتبینم ،
گشت نێرینەی نێوجەنگەڵم دێنە بەرچاو !
لەورۆژەوە ....
بەجێی هێشتم ،
ئیتر هەرگیز نەمدیتەوە !
بەڵام ئێستاش بەیادی ئەو
بەیانیان کە هەڵدەستم
بەرلەئاودانی گوڵەکان
بەرلەهەڵسانی خونچەکان
تف دەکەمە نێوچاوانی
گشت پیاوانی بەندەی حەزو
ڕووی ئاوێنەی نەریتەوە !

(43)

**هەموو شار گەڕاین....**
**کۆڵانەکان ،**
**جادە پڕ یادەوەریەکان،**
**بن هەیوانەو بەرپەنجەرەی**
**خەونە پرچ بڕاوەکان....!**
**بەڵام نەبوو!**
**ئەو ئیتر تەنیا بوو,تەنیا...**
**ئولفەتی بەشەراب و**
**بەژن و باڵای ، بێدەنگیەوە گرتبوو!**
**کەڕوانیمان بۆدواپین جار**
**لەگۆڕستان...**
**خۆی و شووشە شەرابێکی**
**خاڵی لەخەم،تەژی ژیان**
**لەتەک گۆڕی دڵخوازەکەیدا خەوتبوو!**

(44)

ئەیوت لێرە:

" لەم وڵاتە!

یاسا سەروەری هەموانەو

سەربەستی مرۆڤ

ترۆپکی لوتکەی ئاواتە"!

عەفوو فەرموو،

لەم خاکەدا

لەم جەنگەڵە وێرانەدا

یاسا ، یاسای دارستانە و سەرەو ژوور

رێوی و پشیلەو گورگ و توورگ

خاوەن بریارو ئازادە

شێر دەست و پێ بە زنجیرە و

لە ژێر باری قورسی ستەم

برسی و هەژارو بێ دادە

عەفوو فەرموو

کامە یاسا و

کام سەر بەستی!؟!

(45)

**وامان دەزانی عاشقین!**
**من کوڕە یوسف زادەیەک و**
**تۆش ،مەریەمێک بووی پاک و دەژ!**
**بەڵام کاتێ ،**
**پەردە لە سەر راستیەکان لادرا**
**ئاااااخ.....**
**گشت رابردوومان ،**
**بووە بیرەوەری هەورێکی دووگیان!**
**گریاین،**
**گریاین،**
**گریاین...**
**بۆ وشە،**
**بۆ پاکیزەیی،**
**بۆ گەرانەوە بۆ لای خوا..**

(46)

ئەو ڕۆژانەی کە ناتبینم !
خەیاڵم وەک: خانمە پەڵە هەورێکی دووگیان
تاونا تاوێ دێتە ژان !
هەرچی ئەکا.....
چەخماخە ئەداو ناباریێ!
خاکی وشەم وشک و برینگ
وەک بیابان !
شەماڵی خەم ......
تۆزو گەردی شوێن پێکانتم
نیشان ئەدا جار نا جارێ!
وەلێ هەرکە دەردەکەویت
لە ئاسمانی ساوی وشە
شیعر دەڕژێتە خاکی بەژ
خانمی ژان گرتوو دەڕوا
لەیەک کاتدا ،بەیەک نیگا
هەرچی سروشتی یەزدانە
جوانی دەپۆشێ ،دەگۆڕێ!
خەیاڵم دێتە سەردنیا،
وشەم دەم بەپێکەنینەو
شیعرم ئاوی لێ دەچۆڕێ!

(47)

له یەک ساڵا و

له یەک مانگ و

له یەک رۆژ دا

به یەک ئازار

له یەک ژاندا

له دایک بوون.

هەردوکیان پێیان ناوەته نۆزده ساڵی یەوه

ئەمەیان باڵق بوو!

ئەیەوێ ژن بێنێ

کەچی هێشتا

ئەم زەبەلاحەیان ساوایه

ئای خودایه

ڕەسم ئەوەیه

سەیر ئەوەیه!!!

(48)

ئەی دۆڕاوترین شۆڕەسوار
لەم جەنگەڵی ئیمانـــــەدا!
ئەی خامۆشترین شوعـــــلەی خوا
لەم پەرستگا نوتــەکــــــــــەدا!
چی بوو گــــــــــۆڕای!؟
چۆن بــــــوو دۆڕای؟!
موژدەی کام فیردەوسی دنیابو،گۆڵی دای؟!
خۆتۆ دەتگوت:دەستی یەزدان
کێوی بڕوامی چنیوە!
ژێی نـــــــاوگەروم ...
بۆپەیامی تاهەتایی ئاوازدەچڕێ!
پەنجەی دڵنەوازی یەزدان،بەنوری خۆی
بەرپەنجـــــەرەی تاریکــــــاییمی تەنیوە!
چی بوو،ژێیەکان بۆپچڕان؟!
تاشــــــەبەردو
زنـــــــــاری لکاوبەئیمان،
بۆچی وردبوون؟
بۆچی ڕوخان؟!
بشـــــــــــارەوە!
ڕوی ڕەش لەژێر عەبای سپـــی!
بنوسەوە لەسەر مێزەر
پلەوپایە هات بەسەرما..
بانی سەربەرزی داتەپــــــــــــی!

(49)

ئێوارەیەک ،
دووکارمامزی *(شان و مل ڕووت)
پەرینەوە بە سەر شەقامێکی شاردا
لەنجەو لاریان،
ناسکی و جوانی لەش ولاریان
بەرچاوی شۆفێرانیان گرت
چەند ئۆتۆمبێل پێکیان دادا
رەنجی زۆر کەس چوو بە بادا!
* * * * * * * *
ئا ااای کەلەدڵاشیرینی!
ئەی ئازارو برینەکە
دکتاتۆرێکی ئازیزی
ئەی ئاشوبە شیرینەکە!

*(): نیوەدێرێکی (مامۆستا گۆران)ە.

(50)

من ئەوان نیم
بەڵام (نەریت)
هەمووڕۆژێ،کەجلەکانم لێ دەگۆڕێ!
لەدوای پۆشینی دەمامکێ ،
چیلکە لەهزرم وەردەدا
گوایە خەریکە دەگۆڕێ !
* **

چەند ساڵی تر گەوردەبم !
ئەو دەم بچکۆلەو منداڵ نیم
دەبم بەپیاو!
(هیواڕەشکە)*ی ،دایە گیان نیم !
لەسەر لێوانم دێنە دەر
سمێڵی کورت ،وردو داو داو !
وام بیستوە...
دوای هاتنی سمێڵەکانم
دەستی (نەریت)
نەجمەی (پیاو) بوون
دەخاتە سەر شانەکانم !
ئەوکاتە دەبێ ژن بێنم
دڵی دایە گیان ڕاگرم
خەونەکانی وەدی بێنم !
بەڵام هەیهوو!
کێ یە هاوسەری ژیانم؟!
شورەییە ئەگەر ناویشی بزانم!

مردنه گەر،
دەنگی یەکترمان بیستبێ!
ئابڕووچونه،بەرلەشەکراو
ڕۆژێ یەکترمان دیتبێ !
***
من ژن دێنم !
وەک پشتی سەد ساڵ بەرلەخۆم!
ئاخر (نەریت) وادەخوازێ و
شەڕەفیشه بۆ ڕەتەوەم
من ئەوان بم، نەوەکو خۆم !
***
کاتێ (نەریت)
نەجمەی پیاو بوون
دەخاتە سەرشانەکانم !
داوی ووردی کاڵ و ڕەشی
سمێڵەکانم،
گەواهی پیاوەتیم دەدات !
ئەودەم منیش ژن دەهێنم
وەک پیاوگەلێکی ئەژدادم
تاگۆرەویەکانم بۆ بشوات !
ژن دەهێنم !
منداڵم بۆ وەبەربێنێ !
ئامێرێک بێت
غەمی برسێتیشم بخوات!
***
بەڵێ منیش !
وەک ئەژدادم،

وەک پشتی سەدساڵ بەرلەخۆم
ژن دێنم ...
وەچە گەلێک دەخەمەوە !
وەک ئەوانیش نیوەشەوان
لەسەر جێگا ئاشقی دەبم و کەبووەڕۆژدەیچەوسێنمەوە!
(*)هیوارِەشکە _ کاتێ مناڵ بووم دایکم و یەکێ لەپورە ئازیزەکانم  وایان پێ دەوتم !–

(51)
*بۆ جاش قەڵەمێکی بوێر!!

کەسێ شاعیربێ ناترسێ..
لە ژوانی مەرگ و ژینا،
بەجێدێڵێ ئامێزی ژن
لێوی مردن ڕادەمووسێ!
" دەربار "نابێ،
وەکو کەری ژێربار نابێ..
لەبندەستی هیچ تەرەسێ!
***
گەر شاعێربیت..
وەکوو لۆرکا,
وەکوو پەشێو،
وەک عەلەوی...
لە بتخانەی هیچ جەللادێ
سەری شیعرت ناکەی نەوی.

**دەنا حاشا سەدجار حاشا..**
**پەڕاو داخە**
**قەڵەمەکەت توڕ فڕێدە.**
**بڕۆ دیوانی خواکانت..هەرچییان وت:**
**بڵێ بەڵێ،**
**چەپڵە لێدە!**
***
**کڕنووش بەرن بۆ ئەو بتەی،**
**بە دۆلار دەمتان دەبەستێ..**
**کلک بادەن بۆ سەرۆکێ**
**وەکوو" سەگ " زنجیرتان دەکا,**
**وەکوو "گا" داتاندەبەستێ!**

(52)

کاشکی دەکرا..
بەو بەژنە زەردوسیسەی دارمێوی پیاوەتیما!
بەبـــاڵای سنەوبەریت هەڵزنێم و
نێوچەوانی ئـــەشقت ماچکـــەم،
چی بکەم بەرزیت بەربەستمە..!
کاشکی دەکرا...
ئەودەمانەی،قژت هەڵدەخەی لەبەرخۆر،
پەنجـــــەی شەماڵ شانەی دەکا،
چاوم هەڵبێ بەئازادیت..
چـــی بکەم وەرینی جوانیت
لەوکاتەدا گشـــت هەســـــتمە!

(53)

تاقانەکەم!
ئەی دڵی (شێت)
لەم دنیایە بۆمن نەبووی
بـــابـــۆڕۆژی ئاخـــــیرەت بێت!
دوعادەکەم لەقاپی خوا
لەدوو بەشی ئەو دنیادا
گەرچارەنوسم دۆزەخ بێت:
فریشتەیەک کەلەبچەم کـاو
پەلکێشم کا بەرەو ئاگـــــر
شێوەی هەمـــان شێوەی تۆ بێت!
گەر لێبـوردنی گـشتی خواش گرتمیەوەو
خستمیانە بەهەشتـــــــەوە:
حەفتاو شەش حۆری خـۆی بۆخۆی
یەکیان نەبێت بابۆ مـــن بێت!
ڕەنگی چـــاوی،
قژی خـــــــاوی ،
ئاخاوتــنی،
توڕەبوون و گرنژینی....
کت و مـت وەک ئەوەی تـــۆبــێت!

*ئەم شیعرەم لەوێنە شیعرێکی م:شێرکۆ نزیکە، ،کەمن تائەم دواییانەش هەرنەمبینی بو،هاوڕێیەکم نیشانی دام.

(54)

ئەو لە بەژنا وەک خۆم کورتەو..
بگرە هەندێ وردتریشە!
بەڵام لە چاوی شیعرمدا
چنارێکە،
هێند بە ئاسماندا هەڵچووە
سێبەری وا لەوسەر زەمین..
تەوقی سەری،
وا لە سیدرەتول مونتەها!!

(55)

چوومە سەیریان
وا پێ حەسیام
بۆ هەتیوو بۆ بێ نەوا و
بێ پەسَیوان چێ کراون!
بۆ هەڵەبجەی مزگەوت ڕوخاو،
بۆ بالیسانی قانگ دراو،
بۆ گەرمیانی لە بیر کراو،
بۆ خەڵکانی ماڵا سووتاون!
هەناسەی شادیم هەلمَژی و
وتم : ئۆخەی!
دوای ئازادی
بەرهەمی خوێنی پێشمەرگە
ئەمجارەیان..
کامی دڵی چەندین ساڵەی

دایکە شەهیدان هاتە دێ!
لێ، مخابن!
کە پرسیم کێ خاوەنیانە
ئەوەی دەمویست، ئەوەم نەدی
-لە ڕۆخ مەلەوانگەکاندا
چەند سەگلاوێکی پاڵ کەوتوو
لە نێو باخچە سەوزەکاندا
چەند کەمتیاری نیوە ڕوت و
دێڵە سەگی ستیان بەستوو
وەرکەوتبوون،
سەرگەرمی کەیف و خۆشی بوون
کە هەتا دوێنێ کورو دیل بوو
لە خەونیشدا شاخیان نەدی!!

(56)
وڵاتی من!
گۆشەیەکە ،
لە دارستانی گشت دونیا
-پیاو- لە ناویدا شێرەو
حکومرانی هەمووان ئەکات!!

(57)

هەڵۆی خەیاڵم هەڵفڕاند
گەشتێک بکات بەویستی من!
لەبازاڕی جەنجاڵی ژین
کامە وشە زۆر زەبونە و
مرۆڤەکان توڕیان داوە
هەڵیگرێ و بیهێنێتە نێو شیعری من !
کە هاتەوە ...
ئەم وشانەی لەچنگا بو
"ئەشق وخودا
ڕاستی و
وەفا"
!

(58)

که پاییز دێ...
دار گێلاسی حەوشەکەمان
ناوێرێ زەرد بکاتە بەر!
ئاخر لێرە:
سەوزدۆستان دەیبڕنەوە !
لە زستانیش، گەر بیەوێ تارای زیوینی بپۆشێ
زەرد خوازەکان مارەی دەکەن
سەوز دۆستان دەیکرنەوە!!

(59)

لە کۆڵانێکی لاچەپدا
هەر لەم شارە!
لە بەردەم ماڵی بەرێز
((جەناب سەرۆکی فەرماندە))
دیم پێنووسێک کەوتبوو
مات و مە لوول ،
زمان بەستراو
تا مل کەوتبووە نێو چڵپاو
لە پیسی دەراوی ماڵا و
پاشماوەکەی گەمەی گەرماو
نغرۆ ببوو!
دەزانن تاوانی گەورەی ئەو پێنوسە جوانەچی بوو؟!
لە گەرمەی خیانەت کردنا

**لە کاتی گەل فرۆشتنا**
**ناوی هەندێ کەسانی وەک**
**( سەرۆک فەرمانده)ی بردبوو!!**

(60 )

**باشارەکان هەرڕوناک بن!**
**پارکەکانمان،وەک لمی دەریا نیان و**
**شەقامەکان**
**وەک پەلکە زێرینە جوان بن!**
**کەڵکی چیە برالە!**
**لێرە عەقڵەکان تاریکن**
**شەقامی چی وپیاسەی چی؟!**
**کاتێ عەقڵەکان ئیفلیج بن؟!**

(61)
**پەرداخەکان دەم بەخەندەن!**

**کوڕان و کچان دەم بەخەندەن..**
**کورسی و مێزەکانیش هەروا!**
**ئەوەی یەکەم لەگەڵ لێودا،**
**دوهەم لەخەیاڵی سێودا**
**لەباخچەدا ژیان دەکەن،**
**یالەباوەشی سێهەمدا!**
**لێ،ئەوانەی گەلێ تەنیان و بێ ئۆقرەن**
**قاچیان هەبا،زۆردەمێک بوو**
**سەری خۆیان هەڵگرتبوو!**
**کتێبگەلی کتێبخانەن**
**لەسەر ملی،**
**ڕەفەیەکی ساردوسوڕدا هەمووەدەمێ!**
**وان لەچاوڕوانی دوودەستدا**
**هەڵیان گرێ و**
**دوو گلێنەو هزری برسی**
**خۆیان تێرکەن بۆچەن ژەمێ!**
**( کتێبخانەی زانکۆی عیشق:1ی ڕەزبەری 2709ی کوردی –هەولێر)**

(62)

چەند بەهارێک لەمەو پێش
وەک چەندین بەهاری پێشوو
بەخەندەوە ،
هەردوو لێوی لەسەر یەکتر هەڵدەگرت
چاوەکانی دەکرانەوە!
وەک چۆن ئولفەتی گرتبوو، دەڕژایە سەر سینەی خاک و
تۆزو خۆڵی هەرسێ وەرزی
لەسەر گۆنای نیوەدیاری
مێلاقەو ڕەیحان هەڵدەگرت
پێکەوە دەبوژانەوە!
بەڵام ئەوە سێ بەهارە
نە–کانی– تەمەن درێژە ،
نە مێلاقەو ڕەیحانەکانی
ئەم ناوەش سەر دەردێنن
دەزانن بۆ؟
– چونکە سێ بەهار پێش ئەمڕۆ
هەر لەم ناوە ، لەکەناری ئەم کانییە:
کچێکیان کوشت، بەو تاوانەی کە دڵدار بوو!
چوون وەک باوک وباپیرانی،
وەک پشتی سەد ساڵ بەر لەخۆی
شەیدای چنینەوەی ماچی
سەر لێوی ئاڵی بەهار بوو !
لەوڕۆژەوە، کە خوێن ڕژا
لەودەمەوەی عەشق کوژراو
ستەم پژا.....
بستێ خاکی ئەم دەڤەرە

**سەوز نابێ و گوڵ ناگرێ!**
**هەتا بەفەرمانی خودایش**
**تۆی هیچ کام لەسەوزایی لەسینەی دا هەڵناگرێ!**
**کەچی هێشتا ئەم کانییە دڵنەوازییەکەی هەرماوەو**
**هەرلەبەرخوا،**
**کەبەهاری یاد دێتەوە**
**بۆچەند ڕۆژێ، ئاوی دڵی دەژێتەوە**
**ئەی دا بەچەند سەگێکی تینووی بەرەڵڵا!**
**وەلێ هەرکات دەبینێ پیاوێ چەک لەشان**
**دێتە لای و دەیەوێ ،دەمی تینوی**
**بۆدەم و لێوی ئەم ببا!**
**ئەم ئەوانی دێتە بەرچاو**
**لەیەک کاتدا تێکەڵ ئەبن:**
**سەوزی بەهار و پرچی سوور**
**لەگەڵ کوژانەوەی هەتاو !**
**هەربۆیە خانمی کانی**
**زۆر بەپەلە**
**نامەیەک بۆ سەگەکان دەنوسێ**
**لەسەر دڵی تاشەبەردێ ....**
**تیای دا ئەڵێ: بمبورن!**
**من ئاونادەم بەبکوژی مرۆڤایەتی.....**
**ئەمجارەیان بێ پرسی خوا!**
**ئاوی دەمی دەگرێتەوەو**
**پرچەکانی لەقوڕ دەگرێ و**
**لەدڵەوە ووشک دەکا!**

(63)

هەرگاڤێ ،
یا شەو نا شەوێ
کە دەڕازێ لە گەڵا رۆحم
خەیاڵدانم دوو گیان دەبێ!
هەر جارێکیش لە هەر ژانێ
یان کۆرپە شێعرێکی چاو گەش
یان دوانەیەک لە دایکە بێ!
* * * * *

ئازار
ئەی هاوسەرە شیرینەکەم!
لێت راهاتووم
ئەگەر دەمێک، لە بەرزی ئاسمانی شیعرێکا
بێ تۆ بم ،
باڵم ئەشکێ و.....
لە نزمی ورێنەیەکا خۆم گوم دەکەم!
* * * * *

گەر تۆ نەبی من چۆن دەتوانم بنووسم
گەر تۆ نەبی...
کوانێ ئیلهام!
کوانێ بڕشتی پێنووسم؟!

(64)

ئەگەر درۆ
باهۆزێکی سەرشێت بوایە
وەکو ئەرژەنگ گیانی هەبا
گەرەکی با وەک –خودا–
بێ هاوتا بوایە!
کاتێ دەیبیست
وامرۆڤێک درۆ دەکا
غەمی خواردبا ، زویر بوایە!
هەڵی کردبا،
بە دیواری کۆشک و تەلاردا ڕەت ببا
خۆی لە باڵای مرۆی درۆزن ئاڵاندبا
بە بەر چاوی مەردومەوە..
ئابڕوی بردبا ، جل و بەرگی لێ سەندبا"!
–چیتان دەکرد
ئەی عیفریتە زەبوونەکان
پێمان بڵێن ...
بۆ کام داڵدە ڕاتان دەکرد
ئەی سەر کردە پۆشتەکان!؟

(65)

دویَ شەو خواکانی سەرزەوی
وێنە شێعرێکی نۆچەمیان سوتاند
تۆ لەوێدا،
لە ئاسمانی ئەڤینمەوە
پەڵە هەورێکی شەرمن بویت
تەڕ ، تەڕ لە وشەی دڵنەواز
دووگیان بویت بەوردیلە ماچ!
منیش لە ژێرەوەی تۆدا
پەرەِیەکی خاکی چۆڵ بووم
بیابان ئاسا بیَ کەنار
ساردو بەرەهوت
وشک و تینوو
تۆ باریبویت بە سەرمندا
تەنیا یمت دابوو لە خاچ!!
هەرکەجەستەی شیعری یاساغ،
بووبەسوتو،دیوانیَ شیعری نەپەنیم بۆهاوردن!
پرسیان لێم:
ئەمانە چین و وێنەی کێن؟
– ئاشکرایە!
بەپێی پێرۆی ئێوەی خودا
گشتیان بۆ سوتاندن دەشێن!

(66)

که گۆشت و خوێنت دەسوتان،
(UN) سەگێکی خەوتوو بوو
(مافی مرۆڤ)،
دوور لەمرۆڤ
ڕێوییەک بوو ،
چووبوە ئەشکەوت و کەلەبەر !
دوای چەند ساڵێ ...
لەڕۆیشتنەوەی فڕۆکەکان
لەونبونی شۆفڵەکان !
لەخەو هەستان کەوتنە گەڕان ...
بەدوای ئێسقان و کەللەسەر !

(67)

وەختێ کەهێشوە پەسیرەی
خەونە سەوزەکان هەڵوەرین..
دەنکێک ترێی،
ناوڕەزێکی بەربناری ئەم هەوارەم
ڕوبار بردی تالای ئاراس!
کاتێ ماسیەکانی ئەوێ..
بینیان دەنکە ترێ بەتەنیایەو
جانتای سەفەر والەشانی،
هەر یەکجار دڵیان پێی سوتا!
وتیان نایخۆین..
بەڵام دەبێ پێمان بڵێ:
خەڵکی کوێیەو،بۆکوێ ئەڕوا؟
ساکی شانی چی تیایەو
بۆکوێی ئەبا؟
لێی وروکان و بێ دەنگبوون..
وەختێ دەنکەترێ
کەوتە پەیڤین و
پێی وتن:
کەخەڵکی کام بناری دڵشکاوەو
وەرێندراوی نێوکام ڕزی سک سوتاوەو
پەیامی دارمێوی پێیە،
هاتوە بیدا..بەجۆگەلەو گوڵەگەنمەکانی ئەوێ..
هەریەکسەر سوژدەیان بۆبردا!

(68)

لەم وڵاتە!
هەموشتێ وەرزی دیارە:
هەڵفڕینی پەرەسێلکە،
بەفرو باران!
کرانەوەی دەمی خونچە و
هەڵوەرینی گەڵای داران!
هەموشتێ،وەرزی هەیە
وەرزی هاتنەدەری کەو و
ژنە ئاسک و
پیاسەیەکی ئێواران!
هەموشتێ!
بەڵام ئەوەی وەرزی نەبێ و
بۆ هەمیشە بونی هەبێ:
خوێن ڕشتن،دزی،درۆیە!
سەربڕینی ئازادیە،
ژن بردن بۆمەسولەکان..
ماڵی گەلەو،
هەربدزەو بخۆو بڕۆیە!
هەموو شتێ وەرزی دیارە
کاتێ تەواوبو دەفەوتێ!
وەلێ، درۆ هەزار گیانە،
دزیش هەروا،
دیموکراسیەت..

لەخوێن ڕشتنیش دەخەوتێ!
تۆبڕوانە:
ڕۆژنامەنووس
ئەتک دەکرێ!
دەنگی جیاواز، ڕەنگی جیاواز،
تورِ هەڵدەدرێ، نان بڕدەکرێ!
لەهەرکوێیەک:
ڕوناکیەک سەردەربێنێ و
بانگەشەی سپێدە بکا
بەهزری شە وئاسای ئەوان...
دادەپۆشرێ، بنبڕدەکرێ!

زۆر کەم دەدوا
حەزی بە گۆشەگیری دەکرد،
نیوە شەوان
کاسا شایەک،
پێکێک دوان..
ئەوسا ئیتر مە ست دەبوو
دەیویست مەحاڵا بگرێتە دەست!
خەونی حەرامی دەدیت
پرسیاری یاساغی دەکردا!
زۆری جەزرەبە کێشابوو
ئەو شەوەی مرد
لە سەر چەرپای ژوورەکەیدا
دوا دێرە شیعری جێما بوو:
"لە سەر زەوی ، خوا گەل هەیە،
نە یەک خودا" .

(70)

له ئه‌زه‌له‌وه  به‌رد بوو!
به تانوو پۆ
ده‌چوه‌وه سه‌ر
چیای سه‌ر که‌شی کۆنه سالاَ!
هه‌ناسه‌ی به‌رد
گفتو گۆی به‌رد
-باپیره ئاسا-
سه‌ری له خواره‌وه‌ی یه‌زدان!
وه‌لێ ، هه‌ر که به‌ژنی زراڤی_ ئاو_
خزایه باوه‌شی ڕوتی
توایه‌وه و نوقمی جه‌سته‌ی نیانی بوو!

(71)

**چاو دادەخەم**
**لەبەرچاومن:**
**هەزاران منالّی برسی،**
**هەزاران ژن!**
**هەزاران پیری دەست بەدەستنوێژ**
**هەزاران چاوڕەشی شەرمن!**
**لەچالّێکدا ،**
**دەمیان بەسترا...**
**چاویان بەسترا...**
**تا  کە بیستیان دەنگی شۆفلّ**
**بتۆقن و هاوار نەکەن!**
**نەوەک هاواری بێ باوکان**
**قیژەی کەنیشکەو منالّ و**
**گریانی بەکولّی دایکان...**
**بگاتەوە بەگوێی خودا!**

***

چاو دادەخەم ، لەبەرچاومن
هەزاران دڵی پڕ لەئاه
لەسینەدا ،
دەیان نوزاند بۆ دەرەوە!
هەزاران دەستی بێ گوناه
لەژێر خۆڵدا،
مەچەکیان دێنا دەرەوە
بێ زمان بوون ڕوولەخودا
نێو لەپیان پڕبوو لەنزا!

تێبینی/ دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان)ی مامۆستا(شێرکۆ بێکەس)،ئەم شیعرەم نوسیوە ، کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر ئەم شیعرەم هەیە.

(72)

شیعرێکی کورتەباڵای مامە*(پەشێو)
نهێنی سەوزی و
تەمەن درێژی خۆی بۆ درکاندم!
وتی: لەچاخی بێ دەنگی
لەسەدەی بەستنی باڵ و
دیلی قەفەسی دڵتەنگی!
بولبولێ بووم ، دەم بەگوڵبانگ
بەبەرچاوی
هەزاران هەزار بایەقوش
بۆ سەربەستی نیشتمانم ،
پڕ بەگەرووم چریکانم !

*مەبەست لەشاعیری گەورەی کورد(د.عەبدوڵلاپەشێو)ە

(73)
کەوەختێ هەوری قوربانی
گریا بەخیانەتی – با –وە..
خونچەی  سوری تازەی ئەوین،
دڵی تەنگتربوو لەدەمی..
لەداخانا..زەرد هەڵگەڕا!

(74)

چەقۆی فەتوا
خرایەسەرملی شیعرێ!
کەخوێن ڕژا،
سور سور نوسرا:
ئەم حەدیسە سەحیح نیە!
لەولایشەوە
ئایەتی (لاکراە فی الدین)هاواری تورەیی هەڵسا!

(75)*

من نە(نوح)م
نەتەمەنی باڵای (ئادەم)!
هەرئەوەندەی دڵنیام..
دوو سەدەیە،
هەموو ئێوارەیەک دەمرم!

*پێغەمبەر(نوح وئادەم) سەلامی خوایان لەسەربێت، بەگوێرەی سەرچاوە ئایینیەکان دەبێ هەریەک پتر لە هەزار ساڵ ژیابن.

(76)

**بمگێڕنەوە ..**
**بۆ ڕۆژانی چاخی بەردین!**
**تف لە شۆڕشی پێشکەوتن،**
**لە عەولەمە.**
**تف لەهەنیەی دنیای جەنجاڵ**
**پڕ مرۆڤەو مرۆڤ کەمە!**

(77)
**ئاوێنەیەک بوو!**
**چەندجار بەدەستی ئەوشکا..**
**هەرجارێکیش..**
**منی پڕبوو، لەبەتاڵی**
**دەکەوتمەکۆکردنەوەی پارچەکانی**
**بەوهیوایەی یەکگرنەوە!**
**تابۆدواجار دەستی بڕیم!**

3-2-2011 قەسرێ

(78)

چی ئاخوندەی ورگ زل و
ڕیش دەمامکی دنیایە
گەواهی بدەن بۆ ئەمە
من هەردەڵێم:
ئەم شەونمە،مارەیی لەم دڕکە نایە!
ئەم ڕوبارە
بەم ناسکی نزمیەشەوە
بڵیندترە ،لەهەزار کێوی وادڵرەق
لموزیان نزیکی خوایە!

(79)

خودا ژیانی پێ بەخشیم!
بواری دام،
لەم کێوانە بۆخۆم بژیم..
سەرمانەیتوانی لولمدا،
با- نەیتوانی بمڕفێنێ
گورگ نەیتوانی بمخوا!
بەڵام مرۆڤ...
بوبەتۆفان،
بوبەگورگ،
بوبەزریان...و کوشتمی،
بوو بە -خوا- !

( 80 )

لای هەنگ گەیشتنە بەگوڵ
لای پەروانە ،دڵی ئاگر
لای عابد، پەیڤین لەگەڵ خوا!
لای زۆر نیوە پیاوی کوردیش..
گرتنی دەستی کچێکەو،
شەوی پەردەو،
بونە بەخاوەنی شەڕەف!!

(81)

**کاتێ ڕۆیشت..**
**دەست بەجانتای دۆلارەوە!**
**دەسگیران و سێ چوار هاورێ و**
**تولەسەگێک!**
**کەهاتەو بەدەستی خاڵی..**
**نەهاورێی بوو..**
**نەدەزگیران...**
**تاک و تەنها،**
**هاورێ لەگەڵ،**
**وەفاداری تولە سەگێک!**

(82)

**وەک دوو بەرخ یاریمان کردا!**
**قەدپاڵی حەز..**
**مێرگی ماچمان ورد ورد شێلا.**
**مخابن نەمانتوانی**
**وەک دوو گورگ,**
**وەفاداربین بەیەکتری!**
**لەم زستانی برسیەتییەدا**
**ژیان بکەین بە نێچیرێک!**

پەنجەرەکانی ئەم شارە زەوی زادەن!
من لەکوێدا خوا بدوێنم؟
ئەی سەربەستی؟!
چەند شیرینە وجوودی تۆ
لەژیان وخۆشەویستی
لەگەڕان بەدوای وڵامدا،
نیوە شەوان خواپەرستی،
گریان لەچەقی شادیدا،
لەگەڵ باران هەستی مەستی!

(لقدکرمنابنی ادم....)
خوێندمەوە،بێ گوناهی ئاژەڵ و
شکۆی سواوی مرۆڤم دی!
هەردوێنێ بو نەورەسێک
لەتاوخنکانی بێچووەکەی
خۆی هەڵدایەناودەریاو
بوو بەقوتی سەدان ماسی!
هەرپاریش بوو
کچەتاقانەی دراوسێکەم
لەناوگڕدا بووبە ڕەژوو
کەچی باوکی
نەفرمێسکێکی بۆهەڵڕشت
نەبۆجارێ دەکاباسی!

**( بۆئەودایکەی لەبەختا ئەچێتەوە سەرمێرگەسوتاوەکانی نیشتیمان،لەڕەنگاکچی پاییزو لەدڵنەوازیشا دڵی دەریا)!**

–

کاتێ دەگریت بۆ دڵتەنگیت
یان ئازارێک دێ بەدڵتا
من لێرەوە...
پۆلێ مەرگ...
مەرگی تیژباڵ
دەنیشنەوە، بەسەردڵی چڵا شکاوم!
لەقوڵی هەناسەکانتا
لەئازاروحوزنی دووری ئاهەکانتا
ئەی دایەگیان...
دەبمەوە خاک وخۆڵەکەی ئەزەل !
وەک ئەوەی نەهاتبمە بون
ئەوە تۆی ...
بەئەسرینی چاوەکانت
لەسەر لەپی دەستەکانت
ئادەمێکم لێ دەئافرێنی
بەلەباوەش گرتنێکت
رۆحم وەبەردادەکەیت
ئاخرمنی ئەفەرۆز
تائەم ساتە، لەدورەوەش
بەمیهری تۆوە هەناسە دەدەم
ئەو دەمانەی وا لەنزیکەوە دەمدوێنی
دەبمبەخشە ئەی دایە گیان
هەست بەپەیڤینی خوا دەکەم!
لێم ببورە ئەی دایەگیان

**هەست بەپەیڤینی خوادەکەم...**
**24ی خەرمانانی 2709ی کوردی**
**ڕواندز**